

# شێرەکانی هەولێر دەتوانن ئاسک

**ئایا هەولێر دەتوانێ بەرامبەر نەجەف ریکۆردێکی تازە بشکێنێ؟**

رۆژی ١٦ی ئەم مانگە، جەماوەری وەرزشی عێراق و کوردستان و یاریگای شەعب لەبەغدا، دەبنە شاهێدحاڵی گەورەترین رووداوی وەرزشی، کاتێك بۆ یەکەمینجار لەمێژووی خولی تۆپی پێی عێراقدا دوو یانەی جەماوەری لەدەرەوەی بەغدا یاری کۆتایی ئەنجامدەدەن.

گرنگی ئەو ڕووداوە وەرزشییە لەوەدایە، کە رەنگە لەگەڵ ئەنجامدانی یاری کۆتایی خولی ئەمساڵ، لەمەودوا بەفیعلی خولی عێراقی راستەقینە ببینین، چونکە گومان لەوەدانییە، کە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسیی و ئەمنی لەعێراقدا، تائێستا جەماوەری وەرزشی بەو قەبارەیەی جاران روویان لەیاریگاکان نەکردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو دۆخە ئاڵۆزەی عێراق وایکردووە، کە ئاست و توانای تەکنیکی و جەستەیی یاریزان لەچاو جاران ڕوو لەدابەزین بێت و لەهەمانکاتدا یارییەکانیش ئەو تاموچێژەی جارانی نەمێنێت. بۆیە ئەم یارییە لەهەموو بارێکەوە هەڵگری کۆمەڵێك مانا و دەلالەتی نوێیە.

لەهەمووشی گرنگتر، بایەخی ئەو یارییەیە بۆ یانەی هەولێرە، چونکە ئەگەر ئەمساڵ یانەی هەولێر بتوانێ بۆ جاری سێیەم لەسەر یەك خولی عێراقی بەدەستبهێنێت، ئەوا دەتوانێ ببێتە یانەیەکی رچەشکێن و، بۆ یەکەمجار لەمێژووی تۆپی پێی عێراقدا یانەیەکی جەماوەری دەرەوەی بەغدا سێ جار لەسەر یەك پارێزگاری لەجامی خولەکە دەکات و ریکۆردێکی تازە دەشکێنێت. هەروەك نابێ بایەخی ئەم یارییە بۆ یانەی نەجەف لەیاد بکەین، چونکە هاوکات نەجەفیش یانەیەکی دێرین و جەماوەرییە، کە لەساڵی ١٩٦٨ ەوە دامەزراوە و لەوکاتەی لەوەرزی تۆپی پێی ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) بۆ خولی نایاب سەرکەوتووە، تائێستا بۆ خولی پلە یەکەکان دانەبەزیوە. ئەگەرچی ئەو یانەیە تائێستا نەیتوانیوە نازناوی خولی تۆپی پێی عێراقی بەدەستبهێنێت، بەڵام دوو جاران توانیویەتی لەساڵانی (١٩٩٥-١٩٩٦) و (٢٠٠٥-٢٠٠٦) پلەی دووەم لەخولی یانە نایابەکانی عێراق بەدەستبهێنێت. هەروەها پلەی سێیەم لەساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٥) و (٢٠٠٦-٢٠٠٧) و پلەی چوارەمیش لەساڵی (١٩٩٣-١٩٩٤) بەدەستبهێنیت. بەڵام گرنگترین دەسکەوتەکانی یانەی نەجەف بەدەستهێنانی جامی خولی یانەبژاردەکانی عێراق (أم المعارك) لەساڵی ١٩٩٨ کاتێك لەیاریگای شەعب بەچوار گۆڵی بێبەرامبەر لەیانەی شورتەی بردەوە. هەروەها بەشداریکردنی نێودەوڵەتیشی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا لەساڵی ٢٠٠٧ کاتێك لەخولی یەکەم ماڵئاوایی لێکرد.

## هەولێر چۆن دەتوانێ تامی سەرکەوتن بکات؟!

ئەگەر چاوێك بەئاستی هەردوو یانەکە لەخولی ئەمساڵدا بخشێنین، دەبینین هەردوو یانە بەئاستێکی زۆر بەهێز پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە. ئەگەرچی یانەی نەجەف لەخولی یەکەمدا ئاستی لەهەڵبەز و دابەزدابوو، بەڵام لەخولی دووەمدا بەگوڕوتینێکی گەورەتر هاتەوە نێو یاریگاکان و توانی پێشەنگایەتی خولەکە لەیانەی تەڵەبە و ئەمانە وەربگرێتەوە.

بێگومان ئەو رۆحی سەرکێشی و بەرەڤانیکردنەی نەجەف، وامان لێدەکات حیسابێکی گەورەی بۆ بکەین و بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە "بەڕاستی ئەرکی هەولێر بەرامبەر نەجەف چەتوون و سەختە و پێشبینی رووبەڕووبوونەوەیەکی ئاستبەرز و وروژێنەر بکەین". لەبەرئەوە نابێ لەبیرمان بچێت کە نەجەف یەکێك بووە لەبەهێزترین قوتابخانەکانی تۆپی پێی عێراقی و تائێستا ئەو یانەیە بەدەیان یاریزانی گەنج و بەتوانای رەوانەی هەڵبژاردە جیاجیاکانی تۆپی پێی عێراقی کردووە و چەندان یاریزانی دیکەشی وەك پیشەگەر بۆ یانە جەماوەرییەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق پێگەیاندووە.

نەجەف بەوە دەناسرێت، کە یانەیەکی بەئەزموونە و بەئاسانی لەبازنەی رکابەرییەکان ناچێتە دەرەوە و خاوەنی پێکهاتەیەکی بەهێز و ئیدارەیەکی راقی و پرۆفیشناڵە. بەتایبەتیش کە، ئەو یانەیە هێڵێکی بەرگری پۆڵاینی هەیە، چونکە ئەمساڵ لەکۆی ٢٤ یاریدا تەنها ١٢ گۆڵی لێکراوە و تەنها لە ٢ یاریدا دۆڕاوە. لەبەرئەوە یاریزانەکانی بەحەماس و گوڕوتینێکی گەورەوە یاری بەکۆمەڵ ئەنجامدەدەن و یاریزانان زۆر گوێڕایەڵ و پابەندی رێنماییەکانی راهێنەرن. لەهەمووشی گرنگتر لەیاری کۆتاییان بەرامبەر هەولێر پاڵپشتی سیاسی و جەماوەریی بەهێزیان هەیە، چونکە دەبێ بزانین زۆربەی هەرە زۆری هاندەرانی شیعە لەبەغدا پشتیوانی یانەی نەجەف دەکەن و تەنانەت هەوادارانی یانەکانی وەك زەورا و تەڵەبە و جەویە و شورتەش لەبەرامبەر هەولێر هانی یانەی نەجەف دەدەن بەهۆی وەلائی تائیفی و نەتەوەییانەوە. هەروەها بەدرێژایی مێژووی یاریکردنی هەولێر بەرامبەر نەجەف ئەوا دەبینین زۆربەی ئەنجامەکان لەبەرژەندی یانەی نەجەف دەشکێتەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین یانەی هەولێر لەم ڕووەوە لەمێژە کۆمپلێکسێکی دەروونی بەرامبەر نەجەف هەیە، کە زۆربەی جار ئەنجامەکانی بەدڵی جەماوەر نەبووە. هەر بۆیە لەسۆنگەی هەموو ئەگەر و پێوانەکانەوە، یانەی هەولێر لەم یارییەدا رووبەڕوونەوەیەکی ئاسانی نابێت و ئاسکە کێوییەکانی نەجەف ئەو نێچیرە خەمساردە نین زوو رادەست ببن و بەئاسانی لەلایەن شێرەکانی هەولێرەوە راو بکرێن.

پێویستە ئەوەش بڵێین، کە یانەی نەجەف خاوەن فێرکەرێکی لێزان و بەئەزموونە. (هاتف شەمران) بەر لەدەستبەکاربوونی وەك راهێنەری نەجەف، پێشتر مەشق و راهێنانی لەگەڵ زۆرێك لەیانە



## ـــە كێوییەكانی نەجەف ڕاو بكەن؟

عەرەبییەكانی دەرەوەی عێراق ئەنجامداوە. لەپێكهاتەی نەجەفیشدا چەند یاریزانێكی ئەستێرەی هەیە، وەك سعید موحسین و نەبیل عەباس و عەلا عاسی و جاسب سوڵتان و ئەیاد سەدیر و عودەی عەمران و حوسێن كەریم و عەلی محەمەد. زۆربەی مەزندەكانیش بەو ئاراستەیەن كە یانەی نەجەف لەم یارییەدا بەشێوازی (٤- ١- ٣- ٢) یاری دەكات. شیمانەی ئەوەش دەكرێ، كە ڕاهێنەر بەم پێكهاتەیە یاری بكات، كە لەخشتەكەشدا هێمای بۆكراوە و بەشێوەیەكی سەرەكی پشت بەیاریزانان (عەلا گاتع بۆ گۆڵچی- نەبیل عەباس، جاسب سوڵتان، عودەی عەمران و ئەیاد سەدیر بۆ هێڵی بەرگری- سوهێل نەعیم، زیا فالح، حاتم ساحب و سەعید موحسین بۆ هێڵی ناوەڕاست- عەلا عاسی و عەلی محەمەد بۆ هێڵی هێرشبردن) ببەستێت.

ئەڵبەتە، ئێمە هێمامان بۆ شێوازی یاریكردنی یانەی نەجەف كرد، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارەی لەبەردەممان خۆی قوت دەكاتەوە ئەوەیە، كە داخۆ لەسەر یانەی هەولێر پێویستە بەچ جۆرە پلان و پێكهاتەیەك یاری بكات؟ بێگومان ئەوە ڕاهێنەری یانەی هەولێرە بەپلەی یەكەم دەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، چونكە ئەو زیاتر لەباری دەروونی یاریزانان و كەشوهەوای یارییەكان تێدەگات. بەڵام لەبەرئەوەی هەر یارییەك تایبەتمەندیی و ئەتمۆسفێری تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە لەسەر ڕاهێنەر و دەستەی كارگێڕی یانەی هەولێر پێویستە هەر لەئێستاوە زهنییەتی یاریزانان و جەماوەر بۆ سەركەوتن ئامادە بكەن و هەوڵبدەن جامی پاڵەوانێتییەكە لەهەولێر نەچێتە دەرەوە، چونكە بەسەركەوتنیان لەم یارییە یانەی هەولێر بەلاپەڕەیەكی زێڕین مێژووی هەڵسانەوە و سەركەوتنی خۆی دەنووسێتەوە و دەبێتە دەسكەوتێكی وەرزشی گەورە بۆ هەرێمی كوردستان.

هەر بۆیە ئەم یارییە چارەنووسسازە، پێویستی بەدارشتنی فەلسەفەیەكی یاریكردنی تایبەت و پلانڕێژی ورد لەلایەن ڕاهێنەر و بەرنامەیەكی تۆكمە لەلایەن دەستەی كارگێڕییەوە هەیە. دەبێ ئەوەش بزانین شكستی هەولێر لەو یارییە دەبێتە شكستێكی گورچكبڕ و كوشندە، كە لەمەودوا ڕەنگدانەوەی لەسەر مەعنەویاتی یانەكەمان بۆ وەرزی داهاتووش دەبێت. پێموانییە جەماوەریش تامی دۆڕانیان پێ هەزم بكرێ و بەئاسانی لە دۆڕان خۆشبن. بۆیە با لەو یارییەدا تەنها بیر لەسەركەوتن و بەدەستهێنانی نازناوەكە بكەینەوە.

هەروەك پێویستە چەند تاڵە ڕووناكییەك بخەینە سەر ئەو هەقیقەتەش، كە یانەی هەولێر وێڕای سەركەوتنە بەردەوامەكانی بەڵام لەزۆربەی یارییەكانیشدا بەدەر نەبووە لە خەوش و كەموكوڕی، بەشێوەیەك زۆرجار تێبینیمان كردووە ڕاهێنەر لەپلانەكانی سەركەوتوو نەبووە و یاریزانەكان ئاستیان هەڵبەز و دابەزی پێوە دیاربووە و ئینسجام و پێكەوە گونجانی پێویستیشیان لەگەڵ لەیارییەكاندا نەبووە. بۆیە لەسەر ڕاهێنەر و یاریزانان پێویستە هەڵە و كەموكوڕییەكانی پێشوو لەیاری كۆتاییدا دووبارە نەكەنەوە و دەستەی كارگێڕیش بەهەموو كلۆجێك بۆ سەركەوتن ببنە هاندەر و شادروستكەر.

هەرچۆنێك بێت، بەندە وەك (بەرێوەبەری نووسین لەو گۆڤارە) هاندەرێكی سەرسەختی یانەی هەولێر، لەگۆڤاری گوڵان ئومێدی سەركەوتن بۆ ڕاهێنەر و یاریزانان و دەستەی كارگێڕی دەخوازێ و بەو هیوایەن دیسانەوە بتوانن شاری قەڵا و منارەی سەركەش تەشویق بكەن و جۆش و خرۆشێكی گەورە بخزێننە نێو دڵی هەوادارانیان.

### پێكهاتەی پێشبینیكراو بۆ یارییەكە

**ڕاهێنەر:** سائیر ئەحمەد

**پلانی هەولێر بۆ یارییەكە:**

-٣ ١- ٣ - ٣

ئەحمەد عەلی - گۆڵچی

هێڵی بەرگری:

سەعد عەتیە (حەیدەر جەبار)

یاسر ڕەعد

سامالّ سەعید

هێڵی ناوەڕاست:

خەلدون ئیبراهیم (ئیرتیكاز)

ئەحمەد عەبد عەلی (كوبی)

هەردی نورەددین (شێرزاد محەمەد)

دیار ڕەحمان (حوسێن عەبدولواحید)

هێڵی هێرشبردن:

موسلیم موبارەك (شوان مامۆ)

ئەحمەد سەڵاح

لوئەی سەڵاح (عەلی مەنسور)

**ڕاهێنەری نەجەف:** هاتف شەمران

**پلانی نەجەف بۆ یارییەكە:**

-٤ -١ -٣ ٢

عەلا گاتع (محەمەد عەبدولزەهرە) - گۆڵچی-

هێڵی بەرگری:

نەبیل عەباس

جاسب سوڵتان

عودەی عەمران (عەلی مەجید)

ئەیاد سەدیر

هێڵی ناوەڕاست:

سوهێل نەعیم (رعد حمید)

زیا فالح (زیا عەباس)

عەلی محەمەد (حاتم ساحب)

سەعید موحسین

هێڵی هێرشبردن:

عەلا عاسی

حوسێن كەریم

**دوا یاری هەولێر بەرامبەر یانەی نەجەف بەئەنجامی (٢-٠) لەبەرژەوەندی هەولێر كۆتایهات لەرێكەوتی ٢٠٠٧/٧/٤**

**لەرێكەوتی ٢٠٠٦/٥/٢٦ نەجەف بەئەنجامی (٤-١) لەهەولێری بردەوە**



# راوبۆچوونی راهێنەران و یاریزانانی هەڵبژاردەی عێـ

**دوێنێ شاندی یانەی وەرزشی هەولێر بەرەو شاری بەغدا بەرێکەوت بە مەبەستی ئەنجام دانی یاری کۆتایی خولی یانە پلە نایابەکانی عێراق بەرامبەر یانەی نەجەف کە لە یاریگای شـەعب رۆژی پێنج شـەممە ئەنجام، ئەمە سێیەم جارە یانەی هەولێر دەگاتە یاری کۆتایی خولی یانە پلە نایابەکانی عێراق ئەمەش دەسـتکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ یانەی هەولێر، بۆ ئەم مەبسـتە ئێمە رابۆچوونی راهێنەران و یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراقمان وەرگرت دەرباری یاری کۆتای کە بەمشێوەی خوارەوە بوو.**

**- سەرەتا راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق نازم شاکر بەم شـێوەیە هاتە ئاخافتن:** ئەوەی راستی بێت یانەی هەولێر چەندین یاریزانی بە توانا لەم یانەیە یاری دەکات کە ئاستیان زۆر بەرزە، هەروها گەر باسی ئاستی هونەری هەردوو یانە بکەین دەبینین کە یانەی هەولێر لە زۆربەی لایەنەکان لە یانەی نەجەف باشـترە، هەروەهـا یاریزانەکانی یانەی هەولێـر ئەزموونیان زۆر لـە یاریزانانی نەجەف باشـترە، زۆربەی راوبۆچوونەکان لە بەرژوەندی یانـەی هەولێـرە، هەرچەندە یانـەی نەجەف یانەیەکی لاوە زۆر ماندوو بووە تا گەیشتە یاری کۆتایی، بەڵام لە یاریگای شەعب هەموو شتێك دەگۆڕێت رەنگە یانەی نەجەف لە یارییەکە زۆر لە یانەی هەولێر باشـتر یاری بکات بتوانی بۆ یەکەمجار ئەم نازناوە بە دەست بهێنێت، یاخود بە پێچەوانەوە یانەی هەولێر بتوانێ بۆ سـێیەمجار لەسەر یەکتری ئەم نازناوە بە دەست بهێنێت، من پێشـبینی دەکەم یانەی هەولێـر ببێتە پاڵەوانی خولەکە.

**- دواتر یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق حەیدەر نەجـم کە یاریزانێکی پێشـووی یانەی نەجەف بوو بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:** گەیشتنی هەردوو یانەی هەولێر و نەجەف بۆ یاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق ئەمە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ هەردوو یانە و شـایەنی یاری کۆتایی بوون و یانەی هەولێر یانەیەکی گەورەیە و یاریزانی زۆر بە توانا لەم یانەیە یاری دەکات و دەستەیەکی کارگێڕی نموونەیی هەیە کە هەموو شتێك بۆ یانەکەی دابین کردووە، هەرچەندە یانەی نەجەف چەندین جار گەیشتە یاری کۆتایی خولی یانە پلـە نایابەکانی عێراق، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێك نەیتوانی ئەم نازناوە بە دەسـتبهێنێت، ئەمـە هەلێکی زۆر باشـە بۆ یانـەی نەجەف کە ئەمسـاڵ نازناوی خولەکە بە دەسـتبهێنێت بـە تایبەتی کە یارییەکە لە یاریگای شـەعب بەڕێوە دەچێت و شاری نەجەف لە بەغدا نزیکترە وا چاوەڕوان دەکـەم جەماوەرێکی زۆری یانەی وەرزشی نەجەف بچێتە شاری بەغدا بۆ هاندانی یانەی نەجەف، هیوای سەرکەوتن بۆ هەردوو یانە



# ـــراق دەرباری یاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق

دەخوازم، بەڵام هیوادارم یانەی شـــارەکەم نەجەف سەرکەوتن بە دەست بهێنێت هەر دەبێ ئەم نازناوە بە دەست بهێنێت هەر چۆنێك بێت.

**- یاریزانـــی هەڵبـــژاردەی عـــەلا عەبدولزەهرە دەربارەی ئـــەم یارییە گوتی:** هـــەردوو یانەی هەولێر و یانەی نەجەف لە یانە جەماوەرییەکانی عێراقن کە جەماوەرێکی یەکجار زۆریان هەیە لە هەردوو یانـــە یاریزانی زۆر بە توانا یاری دەکەن بۆیە زۆر زەحمەتە پێشـــبینی بکەین کە کام یانە دەبێتە پاڵەوانی عێراق هیوادارین یارییەکی خۆش ببینین کە بگاتە ئاستی یاری کۆتایی لە نێوان هەردوو یانە بۆ ئـــەوەی جەماوەر تام و چێژ لەم یارییە وەربگرێت هیوای ســـەرکەوتن بۆ هەردوو یانە دەخوازم.

**- پاشـــان کاپتنـــی هەڵبژاردەی عێـــراق یونس مەحمـــود دەرباری ئەم یارییە بەم شـــێوەیە هاتە ئاخافتن:** ئەوەی راستی بێت ئەم یارییە یارییەکی خـــۆش و گرنگە بۆ هەردوو یانـــە وا بڕیار بوو کەوا هەردوو یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق ســـاڵح ســـدیر و کەرار جاســـم یاری بۆ یانەی نەجەف بکـــەن لە یـــاری کۆتایی و مـــن و هەوار مەلا محەمـــەد و مەهـــدی کەریم یـــاری بۆ یانەی هەولێر بکەن، بەڵام یاساکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق رێگەی بەم شتە نەدا بۆیە ئێمە نەماتوانی بەشـــداری ئەم یارییە بکەین، هیـــوادارم یاری کۆتایـــی بەهێز و خۆش بی لە نێوان هەردوو یانە وەکـــو یاری کۆتایی پار ســـاڵ لە نێوان هەردوو یانـــەی هەولێر و زەورا کە یانـــەی هەولێر بووە پاڵەوانی ئەم خولە، راســـتە یانـــەی هەولێر بۆ جاری ســـێیەم دەگاتە یاری کۆتایی خولیَ پلە نایابەکانی عێراق، بەڵام نابێ ئێمە پشـــتگیری یانەیەك بکەین لەسەر حیسابی یانەیەکی تر، بۆ هەردوو یانە زۆر زەحمەتە ناتوانم پێشبینی ئەوەم بکەم کە کام یانە یارییەکە دەباتەوە.

**لە کۆتاییدا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق ســـاڵح ســـدێر لە لێدوانێکی بەهێـــز و تایبەتدا گوتی:** هەرچەندە پڕۆپاگەندێکی بەهێز هەبوو کە گوایە من و کەرار جاســـم ناتوانین یـــاری کۆتایی بۆ یانەی نەجەف بکەین لەبەر چەند هۆکارێك، بەڵام ســـەرۆکی یانەی نەجەف و پارێزگاری نەجەف پەیمانی لە پێـــداوم کە یاری کۆتایی بۆ یانەی نەجـــەف یاری بکەن، ئەوان (٪۱۰۰) پارەی هەر بۆندێك لە دەرەوە بێت بە هەر چەندێك بێت دەدەنە یەکێتی تۆپی پێی عێراق، منیش پەیمانم بەخۆم داوە لـــە یاری کۆتایی دوو گۆڵ تۆمار بکەم و یارییەکە (۳-۱) بۆ یانەی نەجەف بە کۆتا دێت هیوای سەرکەوتنیش بۆ یانەی هەولێر دەخوازم.

دوای ئـــەم راوبۆچوونانەمـــان وەرگـــرت ئێمە هیواداریـــن یانەی هەولێر لەم یارییە ئاســـتێکی باش نیشـــان بدات و نازناوی ئەم خولە بۆ جاری ســـێیەم بگەڕێنتەوە نێو باوەشی کوردستان نابێ یانەی هەولێر گوێی بداتە ئەم قسانە کە لە لایەن هەندێك لە یانەکانی کوردستان و یاریزان دەکرێت دەربـــاری یانەی هەولێر چونکـــە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە کەســـانە لە نێـــو یاریگایە پەنا بەخوا یاریزانەکانی یانەی هەولێر لە ئاستی ئەو ئەرکە زەحمەتیە کە لەسەر شانیانە بۆیە دەبێ هەموومان پشـــتگیری ئەم یانەی هەولێر بکەین کە سەری هەموو کوردێکی بەرز کردۆتەوە لە هەر شوێنێکی جیهان بەم ئەنجامە باشانی.

## محەمەد گاسد گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق

# ناتوانم پێشبینی بکەم کام یانە دەبێتە پاڵەوانی خولی عێراق



**محەمەد گاسد لە دایکبووی ساڵی (١٩٨٦)ی شاری بەغدایە و خوێندنی پیشەسازی تەواو کردووە و خێزاندارە و پێشتر یاری بۆ یانەکانی لاوانی کەرخ و یانەی نەفت بۆ دوو وەرز و یانەی شورتە بۆ شەش وەرز و ئێستاش لە یانەی زەورا یاری دەکات، یاری بۆ گشت هەڵبژاردەکانی عێراق کردووە، بەڵام لە هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی یاری نەدەکرد هەردەم یەدەگ بوو، هەر چەندە گۆڵچی نور سەبری ئەو ئاستی نەبوو، بەڵام گشت راهێنەرە گۆڵچیەکانی هەڵبژاردەی عێراق زیاتر بایەخیان بە نور سەبری دەدا، بەڵام لە جامی کیشوەرەکان کاتێك راهێنەری گۆڵچی عامر عەبدولوەهاب متمانەیەکی تەواوی دا محەمەد گاسدی لەم پاڵەوانتیە بەهێزە، گۆڵچی ناوبراویش ئاستێکی زۆر باشی نیشان لەگەڵ هەڵبژاردەکانی باشووری ئەفریقیا و ئیسپانیا و نیوزلندە کە تەنیا (١) گۆڵی لێ تۆمار کرا، ئەمەش بووە جێگای ستایشی گشت لایەنێك بە تایبەتی ڤیفا کە گۆڵچی محەمەد گاسد لە باشترین (٣) گۆڵچی ئەم پاڵەوانتیە بوو، بە پێش گۆڵچی بەناوبانگی ئیسپانی ئیکر کاسیاس کەوت، ئێمەش بۆ زانینی دواین هەواڵی ئەم گۆڵچیە بە توانابیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبدەین کە تایبەتە گۆڤاری گوڵان.**

**دیمانە: رێبین رەمزی**
**rebin1985@yahoo.com**

*** لە وەرزی داهاتوو لە کام یانە یاری دەکەیت؟**

- ئەوەی راستی بێت چەند یانەیەکی ئەوروپی بۆندیان پێشکەش کردووم بە تایبەتی یەکێك لە یانەکانی هۆڵەندی کە لە پلە نایابەکانی هۆڵندا یاری دەکات و خولی هولەندی خولێکی بەهێزە و یانەیەکی قوبرسی ئەویش بە هەمان شێوە لە پلە نایابەکان یاری دەکات ئەگەر رێکەوت ئەوە دەچم لە یەکێك لە یانەکانی ئەوروپی یاری دەکەم ئەگەر هەر لە عێراق مامەوە ئەوە هەر لە یانەی زەورا یاری دەکەم.

*** تا چەند راستە یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی بۆندێکی پێشکەشکردووی بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو لەم یانەیە یاری بکەیت؟**

- هەموو کەسێك حەز دەکات بچێتە یانەی ئەنتەر میلان یاخود لە خولی ئیتاڵی یاری بکات، بەڵام ئەو قسانە لە راستی دوورە چونکە تا ئێستا ئەنتەر میلان هیچ بۆندێکی پێشکەش نەکردووم بە فەرمی ئەمانە تەنیا قسەی رۆژنامە و تیڤیەکانە.

*** تا چەند راستە کە لە وەرزی داهاتوو لە یانەی ئەمانە یاری دەکەیت دوای ئەوەی یانەی ناوبراو بۆندێکی گران بەهای پێشکەشکردووی؟**

- دوای ئەوەی لە چەند شوێنێك هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە گوایە یانەی ئەمانە بۆندێکی گران بەهای پێشکەشکردووم ئەمە لە راستی دوورە تا ئێستا نە راهێنەر و نە دەستەی کارگێڕی یانەی ناوبراو پەیوەندییان پێوە نەکردووم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بۆیە تا ئێستاش هەر لەگەڵ یانەی زەوڕا یاری دەکەم بۆندم لەگەڵ هیچ یانەیەك مۆرنەکردووە.

***چۆن دەڕوانیە بەشداریکردنی هەڵبژاردەی عێراق لە جامی کیشوەرەکان؟**

- لە پاڵەوانیەتی جامی کیشوەرەکان لە سێ یاری تەنیا یەك گۆڵ لە ئێمە تۆمار کرا دوای ئەوەی لەگەڵ بەهێزترین سێ هەڵبژاردە یاریمان کرد بۆیە بە بۆچوونی خۆم و گشت یاریزانەکان بەشداریکردنمان لەم پاڵەوانتیە و ئەنجامەکانیشمان زۆر باش بوو بۆ ئێمە و توانیمان شتێك بۆ عێراق بکەین لەم پاڵەوانتیە چونکە لە جامی کەنداو ئەنجامان وەکو پێویست

نەبوو، بۆیە لە جامی کیشوەرەکان هاندەرەکانی هەڵبـــژاردەی و ڕۆژنامەکانـــی عێـــراق زۆر ستایشی ئەم ئەنجامانەی ئێمەی کرد.

*** دەتوانین بڵێین جامی کیشوەرەکان سەرتاییەکە بۆ گۆڵچی محەمەد گاسد بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژ ئاستی باشتر نیشان بدات؟**

- لە گشت پاڵەوانتیەکان لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بووم، بەڵام گۆڵچـــی یەدەگ بووم و یاریـــم نەدەکرد، بەڵام لە جامی کیشـــوەرەکان گۆڵچی ســـەرەکی هەڵبژاردەی عێراق بووم و ئاســـتێکی زۆر باشم نیشان دا و توانیم بوونی خۆم بسەلمێنیم.

*** هـــۆی چی بـــوو گۆڵچی نور ســـەبری هەڵبـــژاردەی عێراقی جێهێشـــت، ئایا هیچ کێشەیەکت لەگەڵ گۆڵچی ناوبراو هەبوو؟**

- من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ گۆڵچی بە توانا نور سەبری نەبوو ئێمە وەکو برا بووین لە جامی کیشـــوەرەکان لە یارییەکان زۆر جار ڕێنمایی پـــێ دەدام، بەڵام هۆی جێهێشـــتنی تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کێشەی لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی عێراق هەبوو.

*** بـــەڵام ڕۆژنامەکان ئەویان بـــاس کرد کە هۆی سەرکی جێهێشتی نور سەبر بۆ درێسی گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئیکر کاسیاس دەگەڕێتەوە، تا چەند ئەمە ڕاستە؟**

- ئەمـــە لـــە ڕاســـتی دوورە ئـــەوەی دەڵێت نور ســـەبری لەبەر درێســـی ئیکر کاســـیاس هەڵبژاردەی عێراقی جێهێشتووە ئەوە هەڵەیەکی گەورە بەرامبەر نور ســـەبری دەکەن، ڕاســـتە هەموو کەس هیواداره لەگەڵ گۆڵچی بە توانا و بەناوبانگی ئیسپانیا ئیکر کاسیاس درێسی بگۆڕتەوە ئەمە لە ڕاستی دوورە.

*** ئایا بە بۆچوونی خۆت غەدرت کرا کاتێك بـــە باشـــترین گۆڵچی جامی کیشـــوەرەکان دەرنەچووی؟**

- نەخێرمن هیچ غەدرێکم لێ نەکراوە دەرچوونم بە پلەی دووەم ئەوە دەستکەوتێکی گەوریە بۆ من، هەرچەندە گۆڵچی هەڵبژاردەی ئەمریکا گۆڵی زۆر لێ تۆمار کرا، بەڵام گۆڵچیەکی زۆر بە توانا بوو لە یارییەکان ئاســـتێکی زۆر باشی نیشاندا.

*** چ ســـوودێکت لە ڕاهێنەر گۆڵچی عامر عەبدولوەهاب وەرگرت؟**

- زۆر سوودەم لەم ڕاهێنەرە بە توانایە وەرگرت، چونکە عامر عەبدولوەهاب پێشـــتر گۆڵچی یانەی زەوڕا و هەڵبـــژاردەی عێراق بووە و لە دەرەوەی عێراق یاریکردووە، من لە ڕاهێنانەکان زۆر ســـوودم لێ وەرگرت، عامر عەبدولەهاب هۆکاری سەرەکی بوو کە من بەم ئاستە بەرزە لە جامی کیشوەرەکان یاری بکەم.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەی کـــەوا بۆندی ڕاهێنەر بۆرا نوێبکرێتەوە یاخود ڕاهێنەرەکەی ناوخۆیی ببێتە ڕاهێنەر؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت ڕاهێنـــەرە عێراقیەکان هەموویان باشـــن و بـــە توانان، بـــەڵام بۆرا توانی لە مـــاوەی (٣) مانگ تیپێکی باش پێکبهێنێت بـــۆ ئەوەی هەڵبـــژاردەی عێراق بەرەنگاری گەورتریـــن هەڵبژاردەکانی جیهان ببێتەوە، هەرچەندە بڕیاری کۆتایی بۆ یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەگەڕێتەوە.

*** هـــۆی کێشـــەکانی یانـــەی زەورا بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- یانـــەی زەورا یانەیەکی گەوریە لە عێراق و ئاسیا، بەلام لەم ماوەیدا تووشی چەند گرفتێکی دارایی هات ویاریزانەکانیش داوای بڕی پارەی بۆندەکانیان دەکرد زۆربەی یاریزانەکانیش تەنیا بۆ پارە یارییان بۆ زەورا دەکرد.

*** لـــە وەرزی داهاتوو زۆربـــەی یاریزانەکان یانـــەی زەوڕا جێدەهێڵـــن و ڕاهێنـــەر یەحیا عەلوانیش یانەی زەوڕای جێهێشـــت، ئایا ئەم کاریگەری لە یانەی زەورا ناکات؟**

- ڕۆیشـــتنی (٧) یاخـــود (٦) یاریزانـــی ســـەرەکی لە یانەی زەوڕا لە وەرزی داهاتوو ئەوە لە وەرزی داهاتوو یانەی زەوڕا بە تەواوی تێکدەچێت، ئێســـتا چ یاریزانێك ئامادەیە بێتە یانەی زەوڕا یاری بکات کە ئەم یانەیە بە بێ پارەیی دەناڵێنێ بۆیە ناچار دەبێت پشـــت بە یاریزانی لاو ببەستێت بۆ ئەوەی لە خولی پلە نایابەکان بە توانی بەشداری بکات.

*** چـــۆن دەڕوانیە یـــاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق لە نێوان هەردوو یانەی زەورا و نەجەف؟**

- مـــن دژی هـــەردوو یانە یارییـــم کردووە، یاریزانی زۆر بە توانـــا لە هەردوو یانە یاری دەکات و ســـەرکەوتنیان بۆ یاری کۆتایی ئەوە دەستکەوتە بۆ هەردوو یانە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و هیوادارم هاندەران تام و چێژێکی تەواو لەم یارییە وەربگرن، بۆیە پێشبینی کردن لەم یارییە زۆر زەحمەتە.

*** بۆ یانەی شـــورتەت جێهێشت دوای ئەوەی شەش ساڵ لەم یانەیە یاریت کرد؟**

- هـــۆی ســـەرەکی جێهێشـــتنم بـــۆ یەکێك لە ئەندامانی دەســـتەی کارگێـــڕی یانەکە دەگەڕێتەوە کاتێك لـــە یاری هەردوو یانەی نەجەف و شـــوڕتە لە یاریگای نەجەف ئێمە (٣-١) یارییکەمان دۆرانـــد، ئەم ئەندامە منی بەوە تۆمتبار کرد کە گوایە بەرتیلم لە یانەی نەجەف وەرگرتووە و یارییەکەم فرۆشـــتووە، ئەمەش لە ڕاســـتی دوور بوو، خۆشیان دواتر پەشیمان بوونەوە هەر ئەوانیش زەرەرمەند بوون.

*** ئایا تۆ لەخۆ بایی بوون دووری؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت زۆربەی یاریزانەکان تووشـــی لەخۆ بایی دەبن و لە یاریگا دوور دەکەونەوە و ئاستیان دادەبزێت، بەڵام من لە خوا بەزیاد بێت لەخۆ بایی بوون زۆر دوورم هیوادارم ئەم سیفەتە خراپە لەمن دوور بێت.

*** دوا وتەت چییە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان؟**

- هیـــوای ســـەرکەوتنتان بـــۆ دەخوازم و هیوادارم جەماورە تۆزێك لەسەر هەڵبژاردەی عێراق ڕاوەستن بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ئاستی جارانی خۆی.

